Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-05

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەیەی ماستەر)

عباس فیصل ستار [١]
بەیان علی حسین [٢]

١- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق
٢ - وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، بە رێوبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان

| | |
|---|---|
| Received | May 2025 |
| Accepted | Jun 2025 |
| Published: | July , 2025 |

**Keywords**

**کلیلە ووشە: هێزی کار، کەرتی پەروەردە، قەزای کەلار، دامەزراوە فێرکارییەکان.**

**Corresponding Author**

abasfaysal99@gmail.com
bayan.hussain@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەیەکی جوگرافیی وردە بۆ هێزی کار لە کەرتی پەروەردەی گشتی لە قەزای کەلار، بە ئامانجی تیشک خستنە سەر قەبارە، دابەشبوونی جوگرافی و گەشەی ئەم هێزە کارە لە سنوورەکەدا، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو فاکتەرە دیمۆگرافی، ئابووری و کارگێڕییانەی کە کاریگەریان لەسەر ئەم دابەشبوونە هەیە. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستووە و سوودی لە داتا و ئامارە فەرمییەکانی سالانی (٢٠١٥، ٢٠٢٠، ٢٠٢٤) وەرگرتووە کە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای کەلار و بەرێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی ئیدارەی گەرمیان بەدەست هێنراون. جێی ئاماژەیە، شیکارییەکە تەنها دامەزراوە حکومییەکان دەگرێتەوە و کەرتی تایبەت لەخۆناگرێت. بۆ شیکردنەوەی داتاکان و کێشانی نەخشەکان، بەرنامەکانی (SPSS) و (ARCGIS 10.8) بەکارهێنراون.

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە کۆی گشتی قەبارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەی گشتی ناوچەکە دەگاتە ٦,٣١٠ کارمەند. دابەشبوونی جوگرافیی هێزی کار نایەکسانییەکی بەرچاو نیشان دەدات؛ زۆرترین رێژە لە ناوەندی قەزای کەلار چڕبووەتەوە کە ٦٦,٤% پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ناحیەکانی رزگاری، پێباز و شێخ تەوێل بەدوای یەکدا رێژەکانیان ٢٢,٤%، ٦,٨% و ٤,٤%یە. لە رووی دابەشبوون بەپێی دامەزراوە فێرکارییەکان، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بە رێژەی ٧٥% پشکی شێری بەردەکەوێت. هەروەها، جیاوازییەکی روون لەنێوان ژینگەی شار و لادێدا هەیە، بەجۆرێک ٧٩,٩%ی هێزی کار لە ناوچە شارنشینەکان و تەنها ٢٠,١% لە ناوچە گوندنشینەکان کاردەکەن. سەبارەت بە ناونیشانی پیشەیی، مامۆستایانی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی ٧٣%ی کۆی هێزی کار پێکدەهێنن.

ئەم توێژینەوەیە وەک بنەمایەکی زانیاریی گرنگ بۆ دارێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی و لایەنە پەیوەندیدارەکان دادەنرێت، بە مەبەستی کارکردن بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی و دادپەروەری لە دابەشکردنی هێزی کار و باشترکردنی کوالێتیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە تەواوی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کەلاردا.

## دەرئەنجام:

لێکۆڵینەوەکە گەیشتووەتە چەندین دەرئەنجامی گرنگ، کە لێرەدا بە کورتی خراونەتەروو:

١. **قەبارە و گەشـــەی هێزی کار:** قەبارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەی قەزای کەلار لە ماوەی نێوان ســاڵانی (٢٠١٥-٢٠٢٤) بە گشـتی رووی لە هەڵکشـان کردووە. ژمارەی هێزی کار لە **4,981** کارمەند لە سـاڵی ٢٠١٥ بۆ **6,310** کارمەند لە سـاڵی ٢٠٢٤ بەرزبووەتەوە. تێکڕای گەشـەی ساڵانە لە نێوان (٢٠١٥-٢٠٢٠) نزیکەی **1.1%** بووە، و لە نێوان (٢٠٢٠-٢٠٢٤) بە شـێوەیەکی بەرچاو بۆ **4.7%** زیادیکردووە. هۆکارەکانی ئەم گەشـــەیە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتووان، کردنەوەی قوتابخانەی نوێ، و دامەزراندنی مامۆستایان بەشێوەی هەمیشەیی و گرێبەست، بەتایبەتی لە دوای پەتای کۆرۆنا.

٢. **دابەشبوونی جوگرافی:** جیاوازییەکی بەرچاو لە دابەشبوونی جوگرافیی هێزی کاردا هەیە لەنێوان یەکە کارگێڕییەکاندا. ناوەندی قەزای کەلار بە ڕێژەی **66.4%** زۆرترین پشـکی هەیە، کە ئەمەش نیشـاندەری چڕبوونەوەیەکی زۆرە. دوای ئەو، ناحیەی ڕزگاری دێت بە ڕێژەی **22.4%**، لە کاتێکدا ناحیەکانی پێباز **(6.8%)** و شـێخ تەوێڵ **(4.4%)** پشـکێکی زۆر کەمتریان هەیە. ئەم دابەشـــبوونە نایەکسانە پەیوەستە بە جیاوازیی ژمارەی دانیشتووان، چڕی خزمەتگوزارییەکان، و نەبوونی پلانێکی ستراتیژیی هاوسەنگ.

٣. **دابەشبوونی ژینگەیی (شار و گوند):** لە رووی دابەشبوونی ژینگەییەوە، جیاوازییەکی قووڵ بوونی هەیە. ناوچە شارنشینەکان ڕێژەی ٧٩,٩%ی هێزی کاری پەروەردەییان لەخۆگرتووە، لە بەرامبەردا ناوچە گوندنشـــینەکان تەنها ٢٠,١% یان بەرکەوتووە. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش چڕبوونەوەی دانیشتووان و زۆریی دامەزراوە پەروەردەییەکانە لە شارەکاندا.

٤. **دابەشـبوون بەپێی دامەزراوە فێرکارییەکان:** دابەشـبوون بەپێی جۆری دامەزراوەی فێرکاری، باڵادەسـتیی قۆناغی بنەڕەتی نیشـان دەدات. قوتابخانە بنەڕەتییەکان بە ڕێژەی **75%** زۆرترین هێزی کاریان تێدایە. دوای ئەوان، خوێندنگە ئامادەییەکان دێن بە **17.9%**، پاشان باخچەی ساوایان بە **5.3%**.

**بێگومان هۆکاری جیاوازی لە نێوان ڕێژەی دامەزراوە فێرکارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک لەوانە:**

أ- هۆکاری ســەرەکیی ئەم باڵادەســتییەی خوێندنی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ناچاریبوونی خوێندن (ئیلزامی)، زۆریی ژمارەی قوتابیان، و کردنەوەی قوتابخانەی بنەڕەتی لە زۆربەی گوند و گەڕەکەکاندا. لە بەرامبەردا، خوێندنی ئامادەیی پێویسـتی بە مامۆسـتای پسـپۆڕ هەیە و زیاتر لە ناوەندەکاندا چڕبووەتەوە. باخچەی ســاوایانیش بەهۆی ناچاری نەبوونی خوێندن و کەمی ژمارەیان لە ناوچە گوندنشینەکاندا، پشکی کەمتریان بەرکەوتووە.

ب- ســەبارەت بە قۆناغی ئامادەیی لەبەرئەوەی خوێندنگەی ئامادەیی پێویســتی بە مامۆســتای پســپۆڕ هەیە و زیاتر لە ناوەندەکاندا چڕبوونەتەوە، هەروەها ژمارەی خوێندکارانی کەوتوو یان وازهێنان لە خوێندن لەم قۆناغەدا زۆرن، هەر بۆیە ژمارەیەکی کەمتر هێزی کاری پەروەردەیی پێویستە.

ت- قۆناغی باخچەی ســاوایان لەبەرئەوەی قۆناغێکی ناچاری نییە (الزامی) نیە، و باخچەی ســاوایان تەنها لە ناوچە شــارنشــینەکاندا دامەزراون و لە ناوچە گوندنشـــینەکاندا بوونیان نییە، بەهۆی کەمی ژمارەی قوتابیانی تۆمارکراو ژمارەیەکەی کەمتر هێزی کاری پەروەردەیی لە خۆدەگرێت.

٥. دابەشبوونی هێزی کار بەپێی ناونیشانی پیشەیی، نایەکسانییەکی بەرچاو لە کەرتی پەروەردەی قەزای کەلاردا دەردەخات. دەرئەنجامە سەرەکییەکان بریتین لە:

١. **باڵادەســـتیی مامۆســـتایانی قۆناغی بنەڕەتی و باخچەی ســـاوایان:** ئەم توێژە بە ڕێژەی **73.1%** گەورەترین پشــکی هێزی کاری پەروەردەیی پێکدەهێنێت. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم باڵادەستییە بریتین لە:

- **ناچاریبوونی خوێندنی بنەڕەتی:** کە وادەکات زۆرترین ژمارەی قوتابی لەم قۆناغەدا بێت و پێویســـتی بە ژمارەیەکی زۆری مامۆستا هەبێت.
- **زۆریی ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەکان:** کە لە زۆربەی گوند و گەڕەکەکانی ناوچەکەدا بوونیان هەیە.
- **ئاسانیی دامەزراندن:** دەرچووانی پەیمانگاکانی مامۆستایان بە شێوەیەکی سەرەکی لەم قۆناغەدا دادەمەزرێن، و مامۆستایانی بنەڕەتی دەتوانن چەندین بابەتی جیاواز بڵێنەوە، کە ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکان.

٢. **پشـکی مامۆسـتایانی قۆناغی ئامادەیی و پیشـەیی:** ئەم توێژە بە ڕێژەی **16.5%** لە پلەی دووەمدا دێت. کەمیی ڕێژەیان بە بەراورد بە قۆناغی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ:

- **پێویســتی بە پســپۆڕی ورد:** خوێندنی ئامادەیی پێویســتی بە مامۆســتای پســپۆڕ هەیە لە بوارەکانی وەک (فیزیا، کیمیا، بیرکاری و هتد).
- **کەمیی ژمارەی دەرچووانی پســپۆڕ:** دەرچووانی ئەم پســپۆڕییانە زۆرجار هەلی کاری باشــتر لە دەرەوەی کەرتی پەروەردە دەدۆزنەوە.
- **چڕبوونەوەی خوێندنگە ئامادەییەکان:** کە زیاتر لە ناوەندی شار و شارۆچکەکاندا بوونیان هەیە.

٣. **پشکی کارمەندانی کارگێڕی و خزمەتگوزاری:** ئەم توێژە بە ڕێژەی **9.5%** لە پلەی سێیەمدایە و پشکێکی کەمتری هەیە، کە ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە زۆرینەی هێزی کار لە بواری وانەوتنەوەدایە.

٤. **پشکی مامۆستایانی خوێندنی خێرا و نەهێشتنی نەخوێندەواری:** ئەم توێژە بە ڕێژەی تەنها **0.9%** کەمترین پشکی هەیە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی گرنگیپێدانی ستراتیژی بەم بوارە و کەمی ژمارەی خوێندکاران تێیدا.

ئەم دابەشبوونە ئاماژەیە بۆ نایەکسانییەک لە پێکهاتەی هێزی کاردا، کە تێیدا قۆناغی بنەڕەتی بە شێوەیەکی زۆر چڕە لە مامۆستا، لە کاتێکدا قۆناغە باڵاکان و بوارە تایبەتمەندەکان ڕووبەڕووی کەمیی مامۆستای پسپۆڕ بوونەتەوە. ئەمەش پێویستیی داڕشتنی پلانێکی نوێ بۆ ڕاهێنان و دابەشکردنی مامۆستایان نیشان دەدات.

## ڕاسپاردە:

لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، چەند ڕاسپاردەیەک پێشنیار دەکرێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی نایەکسانییەکان و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەی قەزای کەلاردا:

١. **داڕشتنی پلانی ستراتیژیی گشتگیر:**
پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە پلانێکی ستراتیژیی گشتگیر و پشتبەستوو بە داتا دابڕێژێت بۆ دابەشکردنی هێزی کار. ئەم پلانە دەبێت لەسەر بنەمای پێوەری زانستی بێت، وەک: ژمارەی ڕاستەقینەی خوێندکاران لە هەر ناوچەیەک، پێویستیی ڕاستەقینەی قوتابخانەکان بە مامۆستا و پسپۆڕی جیاواز، و ڕەهەندە جوگرافییەکان (دووری و نزیکیی ناوچەکان).

٢. **چارەسەرکردنی کورتهێنان لە ناوچە دوورەدەستەکان:**
بۆ هاندانی مامۆستایان تا لە ناوچە گوندنشین و دوورەدەستەکاندا خزمەت بکەن، پێشنیار دەکرێت سیستەمێکی هاندان دابنرێت کە ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت: دابینکردنی دەرماڵەی داراییی تایبەت، ئاسانکاری لە هاتوچۆدا (دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە)، و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو.

٣. **پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی دامەزراندن و گواستنەوە:**
پێویستە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە سیاسەتەکانی دامەزراندن و گواستنەوەی مامۆستایاندا بکرێت، بەجۆرێک کە دادپەروەری و کاراییی مسۆگەر بکات. دەبێت مەرجی توندتر دابنرێت بۆ گواستنەوەی مامۆستایان لە ناوچە دوورەدەستەکانەوە بۆ ناوەندەکان، بەتایبەتی ئەگەر جێگرەوەیان دابین نەکرابێت.

٤. **پڕکردنەوەی کورتهێنانی مامۆستای پسپۆڕ:**
پێویستە گرنگیی تایبەت بدرێت بە دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژەکانی زانست و پەروەردە، بەتایبەتی لە پسپۆڕییە زانستییەکاندا، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی قۆناغی ئامادەیی و خوێندنی پیشەیی. دەکرێت لە ڕێگەی کردنەوەی ڕێڕەوی تایبەتی دامەزراندن یان پێدانی ئیمتیازات، هانی ئەم پسپۆڕییانە بدرێت.

٥. **گرنگیدان بە پەروەردەی پێشوەختە و خوێندنی گەوران:**
پێویستە پلانێکی تایبەت دابنرێت بۆ فراوانکردنی باخچەی ساوایان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو منداڵێک دەستی بە پەروەردەی پێشوەختە دەگات. هەروەها، پێویستە کار بکرێت بۆ زیندووکردنەوەی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و خوێندنی خێرا، لەڕێگەی دابینکردنی بودجە و هێزی کاری پێویست.

٦. **هەماهەنگیی ستراتیژی لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییەکان:**
پێویستە پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و زانکۆ و پەیمانگاکاندا بەهێزبکرێت. ئەمەش لەڕێگەی پلانی هاوبەشەوە بۆ ئاراستەکردنی خوێندکاران بەرەو ئەو پسپۆڕییانەی کە کەرتی پەروەردە پێویستی پێیانە، تا دەرچووان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا بگونجێن.

